حـــــــكومة اقـليم كـــــوردستان
رئاســـــــة مـــــجلس الــــــوزراء
هيئة حـــماية وتـحـــسين البيئـــة
دائرة الشؤون الفنية
قسم تقييم الأثر البيئي

Kurdistan Regional Government- Iraq
Council of Ministers
Environmental Protection & Improvement Board

حـــــــكومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئـــــەنجومەنی وەزیران
دەستەی پـــاراستن و چاککردنی ژینگە
فەرمانگەی کاروباری هونەری
بەشی هەڵسەنگاندنی ژینگەیی

No. ژمارە: ٣٨٢
Date: / / 2021 بەروار: ٢٠٢١/٣/١٦

بۆ/ فەرمانگەی ژینگەی ( هەولێر – سلێمانی – دهۆك – گەرمیان - راپەرین )

ب/مەرجەکانی کارکردنی نووسینگەکانی ئامادەکردنی راپۆرتی (EIA)

١-پابەندبوون بە رێبەری رێنوێنی (الدليل الارشادي) بۆ ئامادەکردنی راپۆرتەکانی (EIA) .

٢-ستافی نوسینگەکە پێک دێت لە خاوەنی نووسینگە و ستافەکەی لە (٤) چوار ئەندام کەمتر نەبێت بەو مەرجەی بە لای کەمەوە:

أ-دووان لە ستافی نووسینگە پسپۆڕی ژینگەیی بێت (زانستی ژینگە ،ئەندازیاری ژینگەیی،ماستەر یان دکتۆرا لە یەکێك لە بوارەکانی ژینگە)

ب-ئەوانی دیکەش لەم پسپۆریانەیان هەبێت (جیۆلۆجی،بایۆلۆجی،کیمیاوی،فیزیاوی،جوگرافیا، ئەندازیاری کشتوکاڵی،شارستانی،کیمیاوی،میکانیک، کارەبا،...هتد) نابێت زیاتر لەیەک ئەندامی ستافەکە هەمان بواری زانستی بن جگە لە پسپۆری خاڵی أ.

ج-ئەگەر ستافەکە فەرمانبەری حکومەت بوون دەبێت پلەی وەزیفیان لە پلە (١٠) تا پلە (٣)بێت،پلە (١و٢و٣) رێگەپێدراو نین.

د-نابێت فەرمانبەری دەستەی ژینگە و فەرمانگەکانی (هەمیشەیی و گرێبەست) لە ستافی نوسینگە بن.

٣-نووسینگەکە خاوەنی شوێنی هەمیشەیی خۆی بێت ( موڵک یان کرێ)،وە دەکرێت زیاتر لە یەک نووسینگە لە شوقەیەک دا بن بەڵام هەر یەکەو ژووری جیاوازی هەبێت.

٤-ئەندامانی ستافی نووسینگە سیڤی خۆیان پێشکەش بکەن ستافەکە نیشتەجێ ی هەمان پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بن.

٥-ئەندامانی نووسینگە ئامادەبن لە کاتی سەردانی لیژنەی کەشفی فەرمانگەکان.

٦-پێدانی پرۆژە بە نووسینگەکان بە شێوازی نۆرە بێت و ئەگەر خاوەنی پرۆژە لە ماوەی ١٥ رۆژدا پەیوەندی بە نوسینگەکانەوە نەکرد، پرۆژەیەکی تر بدرێت بە نوسینگەکە.

٧-مامەڵە بە دیناری عێراقی دەبێت و نرخی ئامادەکردنی راپۆرت بۆ پرۆژەکانی پۆلێنی (أ) ٣ سێ ملیۆن دینار بێت و بۆ پرۆژەکانی پۆلێنی (ب) ٢ ملیۆن دینار بێت . بۆ وەرگرتنی پارەی زیاتر رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

أ.دووری پرۆژەکە لە سەنتەری پارێزگاکاکانەوە زیاتر لە ٦٠ کم بێت لە ٥ %ی نرخەکە وەربگرێت.

ب. ١٠ %ی نرخەکە وەربگرێت ئەگەر رووبەری پرۆژەکە بۆ هەر ٢٥ دۆنم رووبەر یەک(١) نموونەی شوێن (Sample Location) وەربگرێت یا خود جۆری پرۆژەکە کاریگەری گەورەی هەبوو بۆ سەر ژینگە و لێکۆلینەوەی زیاتری پێویست بێت وەک پرۆژە پیشەسازیەکانی (کیمیاوی، پیشەسازیە گەرمەکان و کانزاکان و کەرەستەی بیناسازی ، پیشەسازییە کانزاییەکان، پرۆژەی چارەسەرکردنی پاشماوەکانی مەترسیدار و ژهراوییەکان و پرۆژە نەوتی و پترۆکیمیاویەکان و پرۆژەکانی ووزە و دامەزراوە بنەرەتیەکان).

٨-نووسینگە وەسڵی وەرگرتنی پارەی هەبێت بە ٣ سێ وێنە:

- ١ یەک وێنە بۆ خاوەنی پرۆژەکە.
- ١ یەک وێنە بۆ نووسینگەکە.
- ١ یەک وێنە بۆ فەرمانگەی ژینگە بۆ پرۆژەکانی پۆلینی ب وە وێنەیەک بۆ فەرمانگەی هونەری لە دەستە بۆ پرۆژەکانی پۆلینی أ .

٩-ساڵانە پاکانەی باجی دەرامەت بهێنن بۆ نویکردنەوەی مۆڵەتەکانیان.

١٠-راپۆرتەکان بەزمانی کوردی بنووسرێت وە پوختە کەی بەزمانی عەرەبی یان ئینگلیزی بێت.

١١-ئەو نووسینگانەی لە ئامادەکردنی راپۆرتەکانیان هەڵە دەکەن لە رووی زمانەوانی و چاپکردنەوە ئاگاداربکرێنەوە بۆ راستکردنەوەی هەڵەکانیان،بەڵام ئەو نووسینگانەی هەڵەی زانستی و هونەری لە راپۆرتەکانیان دەکەن لە کاتی دووبارەکردنەوە رێکاریان بەرامبەر دەگیرێتە بەر بە پێ ی هەڵەکانیان و چەند بارەبوونەوەیان:

أ.پێنەدانی پرۆژە بە نووسینگەکە بۆ ماوەی ٣ سێ مانگ ئەگەر هەڵەکان دووبارە بوونەوە.

ب.راگرتنی نووسینگە لە کارکردن بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ ئەگەر هەڵەکان سێ بارە بوونەوە.

ج.نووسینگەکە رەزامەندی کارکردنی لێ وەردەگیرێتەوە ئەگەر هەڵەکان زیاتر لە سێ جار بن.

١٢-بوونی تاقیگەی تایبەت بەنوسینگەکە یان گرێبەستکردن لەگەڵ تاقیگەیەکی حکومی باوەڕپێکراو ،دانانی وێنەی راستێندراوی ئەنجامی تێستەکان لە ناو راپۆرتەکان دا.

١٣-وەرگرتنی نوێترین داتای کەش وهەوا بۆ پلەی گەرمی و رێژەی باران بارین لە نزیکترین وێستگەی کەش وهەوا لە پرۆژەکە، و دانانی لەناو راپۆرتەکەدا.

لەگەڵ رێزدا...

بەڕێوەبەرایەتی پرۆژەکان EIA
بۆ ئاگادارکردنەوە و کاری پێویست تکایە
٣/١٨

ئەندازیار
عبدالرحمن صديق
سەرۆکی دەستە

وێنەیەك بۆ:-

- نووسینگەی سەرۆکی دەستە .
- فەرمانگەی کارگێری ودارایی وياسايی.
- فەرمانگەی کاروباری هونەری .
- بەشی EIA -لەگەڵ بەراييەکان
- دۆسیەی گشتی .